وتەكانم لە خۆپیشاندان و پشتگیری بۆ كۆبانی لە ستكۆلم

وتەكانم بە زمانی سویدی لە هەندێك ڕۆژنامە و ماڵپەڕەكانی سوید بڵاوكراوەتەوە، پێشمخۆش بوو لەبەر ئەم هۆیەو هەندێك هۆی تریش بەشێك لەوتارەكە بە كوردی بڵاو بكەمەوە.

هاوڕیانی خۆشەویست ، دەمەوێت سەرەتا بەوە دەست پێبكەم كە دڵتەنگی خۆمتان بۆ ئاشكرا بكەم سەبارەت بە لەناوچونی ئەو خەڵكە مەدەنیانەی بونەتە قوربانی و گیانیان لەدەست داوە، منداڵ ، ژن ، ئەوانەی كە چرای ژیانیان كوژێنرایەوە، لەگەڵ ئەو هەمو خێزانانەی كە ئەندامەكانیان ون بون و كەووتونەتە بەر دڕندانەترین هێرش، ئەم جۆرە هێرشانە دەگمەنانە تەنها لە پێش مێژوی هەزاراساڵ لەمەوبەر روویداوە و ئێستا لە كوردستان دوبارە ئەبنەوە.

ئەم تاوانانە كە بەناوی جیهادەوە داعش برەوە پێدەدات، ئازاری ڕۆحمان دەدات و هەوڵێكە بۆ شێواندنی مێژومان، كاتێك مرۆڤ كوێرانە، ئامادەبێت مرۆڤی تر بە قەناعەتی ئایدۆلۆجی ئیسلامگەرا مرۆڤی تر بكوژێت، وەك ئەوەی چۆن لە مێژوودا ڕوویداوە و شوێنەواری ئەم كارە قێزەوانە لە ناوچەكەدا بەقوڵی ماون.

داعش بەهونەری تازەی نامرۆڤانەو بەبێ شەرمانە خەڵكی مەدەنی دەكوژێت، خەڵك كۆچ پێدەكات لەژێر كاری تۆقاندنی تیرۆریستانە برەو بەفكرو سیاسەتی خۆی دەدات، وەك خۆیان پروپاگەندەی بۆدەكەن شەڕەكەیان لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتە، بەپشتیوانی شەریعەت رەوایەتی بە كوشتن دەدەن و هەمو تاوانێكی دڕندانە ئەنجام دەدەن، لە خوێن ڕشتن ، لەناوبردنی بەكۆمەڵی سفیل ، لە سەربڕین و ئەتكردنی ژن و مناڵ ، پەككەوتە سڵ لەهیچ وێرانكارییەك ناكەنەوە.

كۆمەڵگای جیهانی ، وڵاتانی ڕۆژئاوا ، نەتەوە یەكگرتوەكان، چالاك نین لە بەرگری كردن و ڕێگرتنی ئەم تاوانانە ، تەنانەت بەئاشكرا توركیای دەوڵەتی ئیسلامی هاوپەیمانیان وەك نمونە پشتگیری داعش دەكات و لەوە بێدەنگن. ئەركی هەموانە ئەم تیرۆرە ترسنناكە راگرین، پێویستە بە توندی كار بكەین بۆ وەستانی تیرۆری دڕندانەی داعش و جەنگی پیسیان. كاتی ئەوەها هاتوە دوای سەد ساڵ لەبێ مافی ،كورد وكەمەنەتەوەیەكانی تری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست مافی مێژووی خۆیان لە توركیا ، ئێران و سوریا و عێراق بەدەستبهێننەوە.

لە مێژودا نازیەكان توانیان هەمو ئەوروپا تێكبدەن وماڵوێرانی زۆر دروست بكەن، تەنانەت ناو و ناوبانگی ئەڵمانیەكانی زۆر بە خراپی لە جیهان زڕاند. بەهەمان شێوە داعشیش بەم كارانەی ناوبانگی و كەسایەتی خەڵكی موسڵمانی بەگشتی شێواندوە، لەوپەری ئەمریكاوە تاكو ئیندۆنیسیا ئێستا بەچاوێكی خراپەوە لەكەسانی موسوڵمان دەروانرێت تەنانەت ئەو موسڵمانانەش كە بەهێچ شێوەیەك سیاسیەت بە ئیسلامەوە ناكەن، بەڵام كاتێك دەبینرێت سەدەها موسڵمانی ناو وڵاتێكی ئارامی وكو سوید وڵاتانی تری جیهان خۆبەخشانە دەچنە ناو ریزەكانی داعش و خەڵك سەردەبڕن وپشتگیری ئەو هێزە دەكەن ، چیتر ناوی ئیسلام خراپتر دەكەن و زیاتر مێژوی ئیسلام دەكەوێتە بەر شەنی شێكردنەوە و لێكۆڵینەوە و وەك ئەوەی باسی یەكەم جینۆسادی جیهاننیش دەخرێتە پاڵ ئەم جەنگە ئاینیانە.

كاتێك داعش چونە ناو شارو لادێ كوردیەكانەوە ئەوەی نەیتوانی بوو ڕابكات كوشتیان، بەڵام لە كۆبانی كەشارێكی ستراتیجی گرنگ بوو تەنانەت بۆ دۆستانی داعشیش بەتایبەتی توركیای ئەردۆگان نەیانتوانی بەمەرامی خۆیان بگەن و بۆیەكەم جار لەناوچەكە شكۆی هێزی داعش تێكشكێنرا. ئەوان هەرچەندە كاری سەختیان كرد تائەم شارە بكەوێتە ژێر دەستیان، بەڵام دەرئەجام خەبات و بەرخودانی كوڕان و كچانی كورد سەكەوتنی بەدەستهێناو جیهانیان بەو ئازایەتیەی خۆیان سەرسام كرد و شەرەكەیان بردە قۆناغێكی نوێوە.

دواتر بەشێوەی فەرمی میدیایی هەمو كەنیسەكانی سوید ، دەسەڵاتی سیاسی سوید ئەم كارە دڕندانەی داعشیان مەحكوم كرد ، بەڵام دەسەڵاتی سوید بە تواناو كارتێكردنیان لە ناو دەوڵەتی سوید كە بەشێوەی دروست كاریان نەدەكرد و زۆر بێبایەخ ئەم هیرشە دڕندانەی داعشیان سەیر دەكرد و هەندێ جاریش فەرامۆشیان كرد.( ئەم نوسینەم پێش لابردنی وەزیری خانوبەرەی سویدە كەپلان /پارتی سەوز كە ناڕاسەوخۆ پشتگیری داعیش بوو، هەرگیز دژی هێرشەكانی دژ بە كۆبانی نەبوە)

گرنگە یاسای دژ بە تیرۆر ئەو رێگایانە بگرێتەوە كە ئازادی سەفەریان لێوەربگیرێتەوە ئەم جۆرە سەفەرانە قەدەغە بكرێت كە دەبێتە پشتیوانی بەهێزكردنی تیرۆر و پێویستە سزای توند دیاربكرێت بۆ دۆست و لایەنگرانی داعش. هەندێ لە سیاسیەكانی سوید لەترسی ئەوەی مۆری ئیسلامۆفۆبیان لێنەدرێن ، لەلایەن ئەم گروپی تێرۆریستانەن بە ئیسلامۆفۆبی لە ئەوروپا بێدەنگ دەكرێن.

ئێستاش ئێمە لێرەدا داوادەكەین چیتر كوردە گریلاكان و ژنە ئازاكانی كۆبانی بەتەنیا نەهێڵرینەوەو پشتیوانی جیهانیان پێویستە، چونكە ئەوان بەكردەوە سەلماندیان توایویانە، خەونی دەوڵەتی ئیسلامی خەلافەتی داعش تێك بدەن . بۆیە ئێمە داوا دەكەین جیهان

بەخەبەر بێت وکۆبانی شارەکانی تری رۆژئاوا پێویستیان بە پشتگیری و پشتیوانی مرۆڤانەی جیهانی هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەو یەکلایکردنەوەی شەری داعش.

ڕیبوارحسن / ستکۆڵم ساڵی 2015
لە سێرگلستۆری لە شاری ستکۆڵم

https://detgodasamhallet.com/2015/06/28/tal-vid-manifestation-for-kobane/